
ڕووداو
ئەدەب و کولتوور
ژمارەی داهاتوو:
« پەیامەکانی پشت ڕۆمانی مژاباد
« ژاك دریدا، نووسەرێکی بەرزەفڕ
ژمارە (15) دووشەممە 2017/4/17
email: bijar.hekim@rudaw.net
www.rudaw.net

## لە سێیەمین ساڵڕۆژی کۆچی دواییدا

### مارکیز.. قەڵەمێک لە کۆڵۆمبیاوە بۆ جیهان

# "ئەی مرۆڤ ئەوە بکە کە بیری لێدەکەیەوە"

■ ئا: ئەدەب و کولتوور



**ژیاننامە:**

" گابریێل گارسیا مارکیز"، ڕۆماننووس و ڕۆژنامەڤان و سیاسەتمەداری کۆڵۆمبی، ڕۆژی 6ی ئازاری 1927 لە ناوچەی سانتامارپای کۆڵۆمبیا لەدایک بووە. خێزانی گارسیا بەهۆی هەژاری و نەداری ئەرکی بەخێوکردن و گەورەکردنی گارسیای منداڵ بە باپیری دەسپێرن. ئەو ماوەیەی لەلای باپیری بوو، گابریێلی منداڵ هەموو ڕۆژێک بۆ ماوەی چەند کاژێرێک گوێی لە حیکایەت و چیرۆکەکانی باپیرەی گرتووە و ئەو بابەتە هێندە کاریگەری لەسەر گابریێل دادەنێ کە ناوبراو دواتر دەنووسێ: هەست دەکەم سەرجەمی نووسراوەکانم دەربارەی ئەزموونەکانم لە باپیرم و رابردووی باپیرانمەوەیە. دواتر گابریێل لە هەشت ساڵیدا باپیری لەدەستدەدات و دایە گەورەشی بەهۆی پیری و پەککەوتوویی چاوی لەدەست دەدات و کوێر دەبێ. بۆیە گابریێل بۆ جارێکی تر بۆ لای خێزانەکەی دەگەڕێتەوەو دەست بەخوێندن دەکات. گابریێل لەخوێندنگە سەرەتاییەکەی شاری "سوکری" بەنووسینی شیعر و کێشانی کاریکاتێر ناوبانگ دەردەکات و بەهۆی بێدەنگبوون و سەرقاڵبوون بەکارەکانی لە خوێندنگە، بە گابریێلی پیرە پیاو دەناسرێ.

**خوێندن:**

ساڵی 1940 و لەتەمەنی 13 ساڵیدا کۆرسی خوێندن بۆ خوێندکارانی زیرەک وەردەگرێ و ڕوو لە خوێندنگەیەکی سەر بە کەنیسە لەشاری زیپاکیورای نزیک پایتەختی کۆلۆمبیا دەکا. پاش هەفتەیەک مانەوە لە خوێندنگەدا واز لەخوێندن دێنێ و بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە. دواتر گابریێلی گەنج دەست بەنووسین دەکات و یەکەم نووسراوەکانی لەساڵی 1941 و لە ڕۆژنامەی «جوین تودەی»ی تایبەت بە خوێندکارانی کۆلۆمبیا بڵاودەکاتەوە و لەساڵی 1947 بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕوو لەزانکۆی بۆگۆتا دەکات و دەست بەخوێندنی یاسا دەکات. گابریێل هاوشێوەی زۆربەی نووسەرانی گەورەی جیهان پێیوایە کە زانکۆ هیچ چێژوخۆشییەکی زانستی پێ نابەخشێ، بۆیە ڕوو لە خوێندنەوەی شیعر و گەڕانی بێ ئەنجام بەناو شەقامەکانی شاردا دەکات.

**خوێندنەوە:**

لە چێشتخانە گەڕۆکەکان و لە کوچە و کۆڵانەکاندا نان دەخوات، بەردەوام جگەرە دەکێشێ و ڕوو لەخوێندنەوەی ئەدەبیاتی سۆسیالیستی و بەرهەمەکانی نووسەران و شاعیرانی چەپی ئەو سەردەمە دەکات. خوێندنەوەی کتێبەکانی کافکای بەناوبانگ ژیانی دەگۆڕێ و گابریێل لە وتووێژ و نووسراوەکانی دواتریدا باس لە کاریگەریی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی کافکا لەسەر ژیانی دەکات.

**نووسین:**

مارکیز لە ساڵی 1946 بەشێوەیەکی جددی دەست بەنووسین دەکات و یەکەم چیرۆکی بەناوی سێیەمین دەستلەکارکێشانەوە لە ڕۆژنامەی ئال بۆگاتا بڵاودەکاتەوە. پاش بڵاوبوونەوەی کورتە چیرۆکەکە، چەندین چیرۆکی دیکە دەنووسێ و لەهەمان ڕۆژنامەدا بڵاوی دەکاتەوە. دواتر ساڵی 1965 دەست بەنووسینی ڕۆمانی سەدساڵ تەنیایی دەکات و ساڵی 1968 لە نووسینی تەواو دەبێ. ڕۆمانێک کە بووە شاکاری ئەدەب و تائێستاش بە گرنگترین ڕۆمانی جیهان دادەنرێت.

**خەڵاتی نۆبێل:**

ساڵی 1982 لیژنەی هەڵبژاردنی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات لە سوێد بەتێکڕای دەنگ ڕۆمانی سەدساڵ تەنیایی بە باشترین بەرهەم هەڵدەبژێرن و خەڵاتی نۆبێلی ئەدەب بەگابریێل دەبەخشن. "سەد ساڵ تەنیایی" بە خێرایی بە هەموو جیهاندا بڵاوبووەوە و هاوکات وەرگێڕدرایە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان.

مارکیز پێشەنگی فۆرمی ئەدەبی ریالیزمی جادوویی بوو، ئەگەرچی سەرجەم بەرهەمەکانی مارکیز سەر بەو ریالزمە نین، بەڵام ڕەخنەگران گرنگی بەو لایەنەی نووسینەکانی مارکیز دەدەن و بەرهەمەکانی لەسەر بنەما و فۆرمی ئەدەبی ریالیزمی ساخبوونەوە.

**ڕۆمانەکانی:**

گابریێل خاوەنی چەندین ڕۆمانە کە لە نێوەندی ئەدەبیدا شوێنی خۆیان کردووە و بۆ چەندین زمانی دنیا وەرگێڕدراون، لەوانە: "عەشق و شەیتان، ڕاپۆرتێک سەبارەت بە ڕفاندن، یادەوەریی خۆشەویستە خەمناکەکانی من، کاتژمێری شووم، تۆفانە گەورەکەم، سەدساڵ تەنیایی، خۆشەویستی لەسەردەمی کۆلێرادا و بەیادی سۆزانییە غەمبارەکان. گەڵا سیسبووەکان، کۆڵۆنێل کەسی نییە نامەی بۆ بنێرێت، لە کاتێکی دژواردا، تەرمی دایە گەورە، پاییزی پەترێرک، چیرۆکی مردنێکی ڕاگەیەنراو و ژەنراڵ لە بزرگەی خۆیداو هەواڵی ڕفاندنێک .

**نەخۆشی:**


گابریێل گارسیا مارکیز ساڵی 1999 تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە دەبێ و تا دوایین ساتەکانی ژیانی لەژێر چاودێریی پزیشکدابوو. هەر ئەو ساڵە بووە پیاوی ساڵی ئەمریکای لاتین و ساڵی 2000 بەسەدان هەزار کەس لە خەڵکی کۆڵۆمبیا داوایان لێکرد ببێتە سەرۆککۆماری وڵاتەکەیان، بەڵام داواکەی قبووڵ نەکردن و ڕۆژی 17ی نیسانی 2014 لە بوگوتای پایتەختی کۆڵۆمبیا کۆچی دوایی کرد.


# ماڵئاوایینامەی

# مارکیز لە ژیان و جیهان و خوێنەرانی..

■ وەرگێڕانی: ڕێبوار.ک

17ی ئاپریلی ئەمساڵ، سێ ساڵی تەواو بەسەر کشانی ئەستێرە گەشەی ئاسمانی ئەدەبیی ئەمریکای لاتیندا تێپەڕ بوو. ڕیالیزمی سیحراوی و ئەو ستایلەی نووسین کە شاکارەکانی گابریێل گارسیا مارکیزیان پێ ناسراوە، ناوی ئەویان بەسەر هەنیەی ئەدەبی دنیاوە جاویدان کردووە. ئەو کورتە نووسینە وەسیەتنامەئاسایەی خوارەوە، کرۆکی بەشێك لە هزری هەرمانی مارکیزن کە لە توێ توێی چیرۆك و بەسەرهاتی ناو تووناوتوونی ڕۆمانەکانیدا بە هەزار ڕەنگ دەدرەوشێنەوە.





ئەگەر خواوەند بۆ ساتێک ئەوەی لەبیر دەکرد کە من مرۆڤۆکەیەکی دەمی ئاویلکە زیاتر نیم، ئەگەر خواوەند مەودایەکی هەرچەند بچووکی بۆ زیندوومانەوە پێ دەبەخشیم، ئەمجارەیان ئەو دەرفەتەم بەباشترینی شێوەکان بەکاردەهێنا.

لەو دەرفەتەدا، زۆر بەگومانم کە هەموو بیرۆکەکانی خۆمم بهێنایە سەر زمان، بەڵام دڵنیام کە هەرچی دەمهێنایە سەر زمان، پێشتر بیرم لێ دەکردەوە. هەرشتێکم نەک لەبەر نرخەکەی بەڵکو لەبەر ئەوەی کە هێمای چ شتێکە، دەنرخاند. ڕێگام هەر لەو شوێنەوە درێژە پێ دەدا کە خەڵکانی تر کۆڵیان داوە و، کاتێکیش لە خەو ڕادەبووم کە هێشتا خەڵک لە خەودا بن.

کەمتر دەنووستم و پتر خەیاڵم دەهۆنییەوە؛ ئاخر لە بەرامبەر هەر خولەکێک لە نووستندا، شەست چرکە ڕۆشناییمان لە کیس دەچێت.

ئەگەر یەزدان، دەرفەتێکی کورتی دیکەی پێدابام، جلوبەرگی سادەترم لەبەر دەکرد، خۆم لە خۆرەتاو وەردەدا و نەک هەر جەستەم، بەڵکو ڕۆحیشم لەبەر خۆردا ڕووت و قووت دەکردەوە. بەهەمووانم دەسەلماند کە هۆی ئەوەی ئیتر عاشق نابن، پیربوون نییە، بەڵکو پیربوون لەو کاتەوە دەست پێ دەکا کە ئیتر عاشق نابن. باڵم بە منداڵان دەبەخشی، بەڵام وازم لێ دەهێنان هەتا بۆخۆیان هەڵفڕن. لە بەساڵداچووانم دەگەیاند، کە ئەوەی مردن دەهێنێ بەساڵداچوون نییە، بەڵکو بەفیرۆدانی "ئێستا"یە.

جا چی ماوە کە لە ئێوە {خوێنەرانم} فێرنەبووبم.. فێربووم کە هەمووان دەیانەوێ لەسەر لووتکەی چیا بژین؛ کەچی هەمووان لە بیریان چووە کە ئەوەی گرینگە، هەڵگەڕانە بە چیادا نەک گەیشتن بە لووتکە. فێربووم کە ئەو دەمەی کۆرپەیەک قامکی بیلاخی باوکی خۆی دەگوشێت، بۆ تاهەتایە باوکی گیرۆدەی خۆشەویستیی خۆی دەکا. فێربووم کە مرۆڤ تەنها ئەو کاتە بۆی هەیە لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە بڕوانێ کە بەتەمای یارمەتیدان بێت بۆ ئەوەی کەوتوویەک لە جێگای خۆی بەرز ببێتەوە. جا چی ماوە کە لە ئێوە فێرنەبووبم..

هەست و سۆزی خۆتان بەردەوام بدرکێنن و ئەندێشەکانتان جێبەجێ بکەن. ئەگەر زانیبام کە ئەمرۆ دوایین ڕۆژە دەتبینم، وەها توند لە ئامێزم دەگرتی کە هەموو گیانت داڵدە بدەم. گەر زانیبام ئەمە دوایین چرکەکانی بینینی تۆمە، پێم دەگوتیت "خۆشمدەوێیت" و وام دانەدەنا کە تۆ خۆت ئەوە دەزانی.

هەمیشە سبەینێیەک لە گۆڕێدا نییە تا ژیان دەرفەتیکی دیکەمان بۆ قەرەبووی کەمتەرخەمییەکانمان بداتێ.

ئەوانەی خۆشتدەوێن، هەمیشە لە تەنیشت خۆتیان ڕابگرە و پێیان بڵێ کە چەندە سەوداسەری ئەوانیت و چەندە بۆ تۆ پێویستن. ئاگات لێیان بێت. ئەو دەرفەتە بە خۆت بدە کە بڵێیت: "بمبوورە"، "بەداخەم"، "تکایە"، "سوپاست دەکەم" و، ئیتر لەبەکارهێنانی هەرچی وشە و دەربڕینی جوان و میهرەبانانەیە، درێغی مەکە. ئەگەر ئەندێشەکانت وەکوو نهێنییەک لە ناخی خۆتدا ڕابگریت، کەس تۆی بەبیرنایەتەوە. گوشار بۆ خۆت بێنە تا دەریانبڕی. بەهاوڕێکانت، بە هەموو ئەوانەی خۆشتدەوێن، پێیان بڵێ کە چەندە لە لای تۆ بەنرخن. ئەگەر نەیڵێیت، سبەینێ وەک ئەمڕۆت دەبێ و ناشبێتە ڕۆژێکی بەنرخ...

**بەخۆشەویستیمەوە**
**گابریێل گارسیا مارکیز**

# هایکۆ

# بوارێکی هاوبەشی شاعیر و خوێنەر

■ ئازاد بەهین

زۆر جار هەر لەم رۆژە ئاساییانەی ژیانماندا، بۆ هەمووومان دێتە پێش کە چاومان بە شتێک دەکەوێت، بۆنی شتێک دەکەین و یان دەستمان بەر شتێک دەکەوێ کە هەزار جار پێشتر روویداوە بۆمان، بەڵام ئەمجارە هێزێکی سەیر هەست و زەینمان بەرەو لای رادەکێشێ کە کەم وێنە بووە. لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە لەو ساتەدا تێدەگەین کە ئەو شتە هەمیشە هەر بەو جۆرە بووە بەڵام لێی بێ ئاگا بووین. هەر لەو کاتەدایە هەر دەڵێی شتێکی تایبەتمان دۆزیوەتەوە. هەندێ جار ئەو ساتانە تایبەتی و دەروونین و لە ناخمانەوە سەرچاوە دەگرن و رێک هەر لەبەر ئەمە دەربڕین و باسکردنی بە وشە کارێکی سادە نییە. بەڵام ئێمە دەمانەوێ کەسانی دیکەشی لێ بەشدار بکەین و بەشوێن رێگایەکەوەین تا بەهۆیەوە ئەو گواستنەوەیە ئەنجام بدەین. کە بەو قۆناغەش گەیشتین، واتە گەیشتووینەتە هەرێمی شیعر و شاعیری. ئەرکی ئەم گواستنەوەیەش بۆ کەسانی تر، لە فۆڕمی هایکۆدا دەگونجێت و دەکرێت.

لە سەدان ساڵ لەمەوپێشەوە، واتە هەر لە سەرەتای هاتنەئارای هایکۆوە، ئامانجی سەرەکیی نووسەرانی ئەم ژانرە تۆمارکردنی ساتە شکۆدارەکان بووە تا کەسانی دیکەشی لێ بەشدار بکەن. بەمجۆرە هایکۆ بوارێکی هاوبەشی نێوان شاعیر و خوێنەری شیعر دەکاتەوە کە لە پەیمانێکی نەنووسراودا قەبوڵی دەکەن کە هایکۆ دونیایەکی راستەقینەیە و یەکتر بۆ ئەو دونیایە بانگهێشت دەکەن. ئەوەش بە هاوکاری و بەشداریی یەکتر دەبێت. بێ یەکتر هایکۆ مانای خۆی لەدەست دەدا و لاسەنگ دەبێت. واتە دونیای هایکۆ بێ هاوکاریی شاعیر و خوێنەری شیعر بە حەقیقەت ناگات. بەگشتی هایکۆ شیعرێک نییە کە سەر بە هەرێم و شوێنە سەیر و سەمەر و خەیاڵاوییەکان بێت. یان شیعرێک بێت سەر بە رووداوەکان و پێشهاتە نائاسایی و ناواقعییەکان، هایکۆ تۆمارکردن و نووسینەوەی ئەو شتانەیە کە ئێمە هەر لەم دەوروبەرەی خۆمان لەگەڵیان لەپەیوەندیداین. بەمانایەکی تر، هایکۆ ئامانجی جوانیناسی نییە، بەڵکوو زۆر سادە و ساکار ئەو شتانەمان پیشان دەدات کە خۆمان هەمیشە دەیزانین، بێ ئەوەی بزانین کە دەیزانین.

هایکۆ فۆڕمێکی شاعیرانەیە و ئەگەرچی لە هەندێ لایەنەوە لایەنی هاوبەشی هەیە لەگەڵ فۆڕمە شاعیرانەکان، بەڵام لە ماوەی زیاتر لە پێنج سەدساڵدا گەلێک تەکنیکی هەبووە کە تایبەتە بەو شیعرە و زمانی تایبەتی خۆی بەدەستهێناوە. لەلایەکی دیکەوە، هایکۆ وەک هەر ژانرێکی ئەدەبیی دیکە، کەوتووەتە بەر شەپۆلی گۆڕانکارییەکان و ئەوەی لە رابردوودا و لە ژاپۆن و سەردەمە کلاسیکەکان باو بوو، بە دڵنیاییەوە لەم سەردەمەدا هەر بەوشێوەیە نییە، بەتایبەت ئەوەی کە هایکۆ ئیتر تەنیا لە نیشتمانەکەی خۆی- ژاپۆن- نەماوەتەوە و لە زۆر وڵات و لای زۆر لە نەتەوەکان بە کوردیشەوە ئەمرۆکە بە زمانە جۆراوجۆرەکان دەنووسرێت.

بەم کورتە نووسینە، دەچینە سەر وەرگێڕانی چەند نموونەیەکی هایکۆ لە هایکۆنووسانی گەورە..

1

**وای کرد خەمی**
**سووراوی لێوەکانم نەخۆم،**
**ئاوی کانیی زوڵاڵ**

**(چیۆنی)**

چیۆنی کاتێک بە کانییەکی زوڵاڵ گەیشتووە، ئیتر سووراوی لێوەکانی بەلاوە گرینگ نەبووە.. تا توانیویەتی لە ئاوی ئەو کانییەی خواردووەتەوە.

**شتێک لە شێوەی**
**دەنگی دواچۆڕەی پاییز،**
**لە کولەکەیەک**

**(چیۆنی)**

رەنگە زۆرێکتان بینیبێتتان و ئەزموونتان کردبێ، لە ناوەڕاستی پاییز و لە مەزرایەکدا دەبینن بنچکەکان سیس و پەککەوتە بوون و تەنیا کولەکەیەک ماوەتەوە یان جێماوە و لەبیر چووە.. کە کزەبایەک دێت و ئێوە لێژی و سەربەرەوژێریی پاییز لە ناخەوە هەست پێدەکەن.. هەر دەڵێی زستان خۆی بەسەر پاییزدا کشاندووە..

"دواچۆڕەی پاییز"م بە ئانقەست بۆ چەند لایەکردنی دەقەکە بەکارهێناوە.. هەمان کۆتایی و بنی شتێک کە پێی دەگەین. وەک چۆن دەڵێین.. چۆڕەی لێ بڕاوە.!

چ شاعیرێکە ئەم "چیۆنی"یە.. لە خۆوە نییە کە بە هایکۆنووسی بێ ئەملا و ئەولای دوای باشۆی دەزانن. ئەگەرچی دوای مەرگی باشۆ لەدایک بووە و شاگردی شاگردانی باشۆ بووە.

2

**تێبینی:** لە کولتووری ژاپۆندا، "سێ دونیا" ئیستعارەیەکە لە سێ قۆناغی ژن لە کۆمەڵگە.

**دونیای یەکەم:** لە ماڵی باوک.. کە دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی باوکیدا بێت

**دونیای دووهەم:** لە ماڵی هاوسەرەکەی کە دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی هاوسەرەکەیدا بێت

**دونیای سێیەم:** لە کاتی پیریدا.. کە دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی کوڕە گەورەکەیدا بێت.

ئیتر دونیایەک بۆ ژن نامێنێتەوە کە خۆی دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا هەبێت...!!!

**ئێستاش بڕواننە ئەم هایکۆیە لە خاتوون ماساجۆ:**
**لەم سێ دونیایە**
**ژن هەرگیز لە ماڵەوە نییە،**
**بەفر لەسەر بەفر لەسەر بەفر**

ماڵەوە جێیەکی ئارام و ئەمنە بۆ هەر کەسێک.. بەڵام ژن وەک ماساجۆ باسی دەکات، هیچ کات لەم سێ دونیایە، جێیەکی ئارام نییە بۆی.. هەر دەڵێی بەفر لەسەر بەفر لەسەر بەفر هەروا دەبارێ.

لە بەشی شالوودەی ئەم هایکۆیەدا پرسیار هەیە (کە بۆچی ژن لەم سێ دونیایە لە "ماڵەوە" نییە).. لەبەرئەوەی لەم سێ دونیایە ناخۆشی لەسەر ناخۆشی لەسەر ناخۆشی بۆی دەبارێت..

هەر لەبەرئەوەیە کە هایکۆی ژاپۆن قووڵە... چێژبەخشە خوێندنەوەی.. پرسیارێک دێنێتە ئاراوە و وەڵام دەداتەوە.. وەڵامێکی وەها کە موو بەسەر لەشتەوە سیخ ئەکات.. ئەم تایبەتمەندییەی هایکۆش لە راستگۆیی و بنەمای دروستی دەقەکەوە سەرچاوە دەگرێت.

3

**گەڵایەک وەری...**
**دوو سێ چین لەسەر ئاو**
**ئیتر هیچ**

**(باشۆ)**

ئایا ئەم دەقە دەرخستنی حاڵەت و بیرکردنەوەی مرۆڤ نییە سەبارەت بە چارەنووسی مرۆڤ؟ بەڵام بە ئیماژە عەینییەکان نووسراوە.. کەسێک دەمرێ و.. دوو سێ رۆژ دەوروبەرەکانی خەمگینن.. و دواتر ئیتر هیچ.

4

لە دوای جەنگی جیهانیی دووهەم، زۆربەی فەرماندە سەربازییەکانی ژاپۆن بۆ ئەوەی پلە و پۆستەکانیان دیار نەبێت، هێمای ئەستێرەکانیان لەسەر کڵاوەکانیان هەڵکەندبوو.. چونکە شکست لە جەنگدا کەمێک بۆیان قورس و گران تەواو ببوو.. ئەو غرورەی پێش جەنگ ئیتر بە روخساریانەوە دیار نەمابوو.


بەڵام بۆچی (هەتاوی گەرمی پاییز!!!)... چونکە جەنگ هەمان پاییزە... بەڵام جەنگ تەواو بووە و خەڵک ئێستا ئیتر کەمێک (دڵگەرم)ن بە ژیان. دەبینن وشەکان لە خۆوە دانەنراون لەو دەقەدا... هەر وشەیەک هەموو مانای هایکۆکەی لە کۆڵ کردووە.

**هەتاوی گەرمی پاییز...**
**لە جێیەکی سەر کڵاوە نیزامییەکەی**
**ئەستێرە نادرەوشێتەوە**

**(هیدێنۆ)**

هەر لەبەر ئەوەیە دەڵێن شاعیر دەمار و رۆحی کۆمەڵگەیە.. هیچ شتێک لەبەرچاوی ئەو شاراوە نییە.. مەگەر ئەوەی کە بە زۆر لێی بشارنەوە.

# کەڵکی ئەدەبیات



■ سەنگەر حاجی

ئەگەر لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤیش ئەدەبیات وەکو دیاردە دەرنەکەوتبێ، ئەوا گومانی تێدا نییە دەرکەوتنی زۆر دوانەکەوتووە. تیۆرێکی زمانی هەیە خۆی لەسەر ئەوە هەڵچنیوە کە خودی زمان لە گۆرانی دروستبووە و گۆرانیش پێکنایێ ئەگەر بەشە ئەدەبییەکەی تێدا نەبێ، لێرەوە دەتوانین ئەوە هەڵبهێنجین کە دەرکەوتنی زمان و دەرکەوتنی ئەدەبیات هاوشان بوون. گرنگیی ئەدەبیات هەر لەوەدا خۆی نابینێتەوە کە کەڤنارە، بەڵکو هۆکاری دیکە هەن بایەخی ئەدەبیاتیان پێوە بەستراوەتەوە. ئەگەر وانەبێ ئەوە چ هۆکارێکە وای کردووە لەناو ئەو هەموو پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیایە و ئەو هەموو شەڕوشۆڕ و نەهامەتییەی لەئارایە، خەڵکی هێشتا دەستبەرداری خوێندنەوەی جۆرە ئەدەبییەکان نابن.

بەرلەوەی بێمە سەر ئەو گرنگییانەی لەخوێندنەوەی ئەدەبیاتدا هەن، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بەشێکی خەڵک باوەڕیان وایە ئەدەبیات تەنیا بۆ بەسەربردنی کاتە و بابەتێکی تەرفیهییە. ئەم وتارە هەوڵ دەدات ئەم بۆچوونە ئاوەژوو بکاتەوە و چەند خاڵێک دەخاتە ڕوو کە جگە لەناو ئەدەبیات، هەموویان پێکەوە لە هیچ شوێنێکی دیکە وەدەست ناهێنرێن. ئایا دەکرێ مرۆڤایەتی ئەو هەموو ماوە دووروردرێژە بەردەوامی بە دیاردەیەک بدا، تەنیا لەبەرئەوەی کاتی پێ بکوژێ. لەناو ئەو هەموو ئاڵۆزییانەی ژیان و نەبوونی کات، هۆی چییە تا ئێستاش بە ملیۆنان خەڵک ڕۆژانە خەریکی خوێندنەوەی ژانرە جۆراوجۆرە ئەدەبییەکانن.

**ئەمانە چەند کەڵکێکی ئەدەبیاتن:**

## کاتت بۆ دەگەڕێنێتەوە

وا دەردەکەوێ کە ئەدەبیات بەفیڕۆدانی کاتە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە باشترین کاتگێڕەوەیە، چونکە هەندێک بیرۆکە و هەستت بۆ ڕوون دەکاتەوە و وات لێدەکا تێیانبگەی کە خۆت ڕەنگە چەندین جار و هەندێکجاریش بە هەزاران کاتژمێرت پێویست بێ بۆ هەستپێکردنیان.

زۆر لەحەقیقەتەوە نزیکە و لەبارەی هەموو شتێک دەدوێ، زانیاریت لەبارەی مێژوو و جوگرافیا و تەنانەت زانستە سروشتییەکانیش پێ دەدا. دەتباتە ناو دەیان کۆشکی داخراو و چەندین کلیلت پێ دەدا کە دەتوانی ژوورە نهێنییەکانی پێ بکەیەوە. ئەدەبیات پێمان دەڵێ منداڵی یانی چی و گەورەبوون چییە و پیری چۆنە. ئەوە دەتوانێ هەستی ئەوەمان لا دروست بکا کە مرۆڤ ئەگەر سپیپێست بێ چۆنە و ڕەشپێست بێ کووە، هەژاری واتای چییە و دەوڵەمەندی چ واتایەکی هەیە، ئازادی چییە و ژێردەستەیی چییە؟

## وات لێ دەکا جوانتر دەربکەوی

ئەدەبیات سیحرێکی بنیاتییە، ئەوەمان پێشان دەدا کە شتەکان لەدیدی ئەوانی دیکەوە چۆن دەردەکەون. ئەدەبیات دەمانکاتە خاوەنی ئەزموون و بیرکردنەوەی قووڵ، بۆیەش ئەگەر ئادگار و روخسارمان هەر شێوەیەکیان هەبێ، ئەو جوانتر پیشانمان دەدا، چونکە ئەو فێرمان دەکا چۆن لەگەڵ خۆمان و ئەوانی دیکەش بئاخڤین و لەکوێ چی بڵێین. کاتێک گوێگرەکانیشمان گوێیان لەکەسێکی بە ئەزموون و خاوەنی مەعریفە دەبێ، بێگومان بیر لە جوانیی قسەکان و بیرۆکەکان دەکەنەوە نەک ئادگار.

## چارەسەری تەنیاییە

بەوپێیەی قسە لەبارەی هەموو شتێک دەکا، ئەدەبیات وامان لێ دەکا لە تەنیایی رزگارمان بێ. ئەو باسی هاوڕێی باش و دابونەریتی خەڵکی و بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵگە جیاوازەکانمان بۆ دەکا. نووسەر گەلێک جار وەک ئەوەی لەناو ناخی ئێمە بووبێ، هەموو ئەوەی لە دەروونی خۆی و دەروونی ئێمەشدا هەیە دەیخاتە روو، ئەمەش جگە لە ئەدەبیات بە هیچ دیاردەو بوونێکی دیکە ناکرێ. ئەمەی پێشوو ئەو ڕاستییە چەندپات دەکاتەوە و دەبێتە سەلمێنەری ئەوەی (فرۆید) لەبارەی ئەدەبیاتەوە گوتوویەتی کە باشترین کێڵگەی کارکردنە بۆئەوەی لەناخ و نەستی مرۆڤەکان نزیک ببێتەوە. کتێب هاوڕێیەکە خاوەنی ئەم خەسڵەتانەیە: هەموو دەم ئامادەیە و هەرگیزناڵێ سەرقاڵم.

## ئامادەمان دەکا بۆ شکست و کێلبوونەوە

رۆژانە گوێمان لە چیرۆکی کەسە شکستخواردووەکان دەبێ. ئەدەبیات فێرمان دەکا کە کەوتین چۆن هەڵبستینەوە، چونکە ئەو مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ پاڵەوانەکانی دەکا و لەڕێی ئەوانەوە فێرمان دەکا چۆن بەسەر کێشەکانماندا زاڵ بین.

کەواتە دەبێ تێڕوانینمان بۆ ئەدەبیات بگۆڕێ و وەک بنیاتنەر و دروستکەری مرۆڤ لێی بڕوانین.

ئەدەبیات مێشک و دڵمان دەکاتەوە. وامان لێ دەکا ئاوابین: حەکیم بین، باش بین و عەقڵمان دروست بێ. ئەدەبیات دەستمان دەگرێ و رووەو کرۆکی خۆمان دەمانباتەوە و دەمانکاتەوە بە مرۆڤێکی پاک. ئەو پاکیە وامان لێ دەکا تێڕوانینی باشمان لەسەر هەموو ئەو بوون و دیاردانە هەبێ کە لەدەوروبەرمان هەن و لەگەڵ مرۆڤ و گیانەوەرەکانی دیکە باش بین. هەروەها ئەدەبیات دەمانکاتە خاوەنی بیرکردنەوەیەکی دروست و لەو ڕێیەشەوە دەتوانین بڕیاری دروست بدەین. ئەمەش لەڕێی ئەو زانیاریانەوە وەدەست دێ کە لەناو کتێبە ئەدەبییەکاندا هەیە، زانیاری ناو کتێبە ئەدەبییەکان جیاوازن لەو زانیارییانەی لەناو خەڵک دەستدەکەون، چونکە ئەو زانیارییانە لەلایەن کەسانی شارەزاوە نووسراون.

ئەدەبیات بە پێچەوانەی دیاردە و زانستەکانی دیکە تەنیا بۆ گرووپێکی دیاریکراو نانووسرێ و زمانەکەشی هەموو خەڵک لێی تێدەگەن. بۆیە ئەدەبیات هەموو کەس خوێنەریەتی و تەنانەت ئەوانەی سەر بە گرووپێکی دیاریکراون لەڕووی زانستییەوە و پسپۆڕی بوارێکن کە ئەدەبیات نییە، خوێنەری بابەتە ئەدەبییەکانن و ناتوانن دەستبەرداری جۆرە ئەدەبییەکان بن و لە دەمی دەستبەرداربوونیشیان کەلێنێک لە مەعریفە لایان دروست دەبێ. زیندەزانی و یاسا و دەروونزانی و زانستەکانی دیکە بابەتی گرنگن بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێ، بەڵام ئەدەبیات ئەوەیە کە ئێمە بۆی دەژین. لە ئەدەبیاتدا مەبەست هەیە و زانیارییەکانیش بۆ ئاراستەکردن رووە و ئەو مەبەستە دەخرێنە ڕوو. لەهەمان کاتیشدا ئەو بابەت و دیاردەو مەبەست و ئامانجانە دەخاتە ژێر پرسیار و ڕەخنەوە کە بوونیان هەیە و وەدەستهێنراون، بۆیە تایبەتمەندییەکی دیکەی خوێندنەوەی ئەدەب ئەوەیە خوێنەرێکی ڕەخنەگر نەک گوێڕایەڵ بەرهەم دێنێ کە لەمەدا لەگەڵ فەلسەفە بەتەواوی تێکەڵ دەبن.

گرنگییەکی دیکەی ئەدەبیات ئەوەیە لە کۆنەوە وەک تۆماری مێژووی مرۆڤایەتی بەکارهاتووە و ئایین و کۆمەڵگە و دەسەڵاتە جیاوازەکان لەناو ئەدەبیاتدا دەبینرێنەوە و بۆ ئەمەش داستان باشترین نموونەیە، ئەگەر هەر داستانێک چ لە رۆژهەڵات و چ لەڕۆژئاوا بخوێنینەوە، دەتوانین لەڕێیەوە بەتەواوی ئاشنای ئەو سەردەمە بین کە داستانەکە باسی دەکا، یان تێیدا نووسراوە.

ئەم خەسڵەتەی سەرەوە کە لە ئەدەبیاتدا هەیە، وامان لێ دەکا کە بەرهەمێکی ئەدەبی دەخوێنینەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە شارەزایی و مەعریفە وەدەست بێنین، بۆیە دەگوترێ ئەدەبیات پێمان دەخاتە ناو پێڵاوی کەسانێکی دیکەوە. بۆ نموونە ئەگەر رۆمانێک بخوێنینەوە کە لەخۆگری چەندین کارەکتەری بە ئەزموون و بێ ئەزموون و شارەزاو نەشارەزاو نێر و مێ و رەش و سپی .. هتد بێت، هەموو ئەو زانیاریانە وەردەگرین کە ئەو کەسانە هەیانە، هەروەها هەمان ئەو هەستەمان دەبێ کە ئەو کارەکتەرانە هەیانە، دەچینە هەمان ئەو شوێنانەی کە ئەو کارەکتەرانە بۆی چوون.

هایدگەری فەیلەسوف، گرنگییەکی دیکەی ئەدەبیات و بەتایبەت شیعرمان پێدەڵێ و ئەو پێیوایە ئەدەبیات چۆن باس لە رابردوو و ئێستا دەکا، ئاواش باس لە داهاتوو دەکا و بۆچوونی لەبارەی داهاتووی بوون و دیاردەکان هەیە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە شیعر زۆر لە فەلسەفە گرنگترە، چونکە شیعر دەتوانێ لەفەلسەفە ئەولاتر بچێ و دوورتر بڕوانێ.

# ڕۆڵی هونەر
# لە دروستکردنی دەوڵەتدا



■ ئاسۆ مامزادە

2-1

وا باوە کە دەڵێن (هونەر سنوور ناناسێت) ، ئەوە ڕاستە، بەڵام بۆ نەتەوەی بێ دەوڵەت، بەڕای من (هونەر سنوور ناناسێ بەڵام هونەرمەند دەیناسێ، یان دەبێ بیناسێت).

بەرلەوەی بچینە ناو باسەکەوە، دەبێ ڕوونی بکەینەوە بۆچی پێویستە ببینە خاوەنی دەوڵەت و خەسارناسییەکی ئەو دیاردە مەترسیدارە بکەین کە بە ئاشکرا و بە نهێنی، دژایەتیی بەدەوڵەتبوونی کوردستان دەکات.

ڕەخنەیەکی زۆر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگیرێ بەبێ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ قەیرانەکان بکرێت. بۆنموونە دەبێ ڕەچاوی ئەو خاڵە بکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای هیچ ئەزموونێکی دەوڵەتداری دانەمەزراوە و هەموو شتێکی سفرەوە دەستپێکردووە، ئەگەر ئەزموونیشمان بووبێت، لێیان دابڕاوین: کۆماری ئاگری، کۆماری سوور، پاشانشینی شێخ مەحموود و کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلول تەنیا سیمبولن بۆ هەوڵی خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسی کورد بۆ بوونە خاوەنی دەوڵەت و ناتوانین وەک ئەزموونێکی ئیداری و کارگێڕی کە نەوە لە دوای نەوە ئەزموونەکە بەرەو پێشی دەبات، چاویان لێبکەین، چونکە ڕووخاون و لێیان دابڕاوین، تەنیا کۆماری کوردستان کۆمەڵێک یادگاری وەک ناوی (پێشمەرگە) و پلەکانی ناو هێزی پێشمەرگەی بۆ بەجێهێشتین و دەتوانم بڵێم تا ئێستاش هەژموونی خۆی لەوپەڕی زەمانەوە بەسەرماندا دەبارێنێ.

کێشەی ئێمە سەبارەت بە قسەکردنی درێژدادڕانە لە گەندەڵی و بوونی کۆمەڵێک کەموکووڕیی دیکە لە کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە ڕۆشنبیرەکانیشمانەوە یان شارەزای مێژووی جیهان نین، یان خۆمانی لێ نەبان دەکەین، بۆیە پێمان وایە تەنیا کوردستانە کە ئەو ئەزموونانە تاقی دەکاتەوە و هەندێک کەس و لایەنیش هەر ئەوە بۆ خەڵک لێدەدەنەوە و کوردستانیان لەبەرچاوی خەڵک ڕەش کردووە.

هەروەها دەبێ ڕەچاوی خاڵێکی زۆر گرینگ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە ئەو قۆناغە ڕاگوزارەی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، یەکەم: بەهۆی ژێردەستەیی و پاشکەوتن لە کاروانی جیهانی، قۆناغێکی ڕاگوزەرە لە هیچەوە بۆ شت. دووەم: قۆناغێکە کە کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسی، هاوتەریبی یەکتر تێیدا پیادەن نەک سوار . سێیەم: بە سەردەمێکدا دەڕۆین کە سەردەمی سەتەلایت و ئینتەرنێتە و هەموو کەس چاوی لێمانە و بەدڵنیاییشەوە لەناو گەردەلوولی زەریا ئەو شڵەژاوییەی بە بەلەمەوە دیارە بە پاپۆڕەوە دیار نییە، ئەویش بەلەمێک کە چوار دەوری بە ئەژدیها چنرابێت. ئەوە لە حاڵێکدایە وڵاتانی تر لە سەردەمانێک قۆناغە ڕاگوزەرەکانیان تێپەڕاندووە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەم شێوەیەی ئێستا نەبوون، یان هەر نەبووە و لەگەڵ ئەوەشدا بە دەیان و سەدان ساڵ سەربەخۆ بوون. بەشێکی زۆری هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی کورد لە هەر چوار پارچە، بەنێوی مافی مرۆڤ و دیمۆکراسیەوە ئەوەندەی خەمی بێگانە دەخۆن خەمخۆری نەتەوە یان وڵاتەکەی خۆیان نین، هەر لە جیهانی هونەردا کە باسی ئەوە دەکەی دەبێ ڕۆحی کوردی بگەڕێتەوە بۆ ناو موزیکی هاوچەرخی کوردی، دەڵێن ئێمە دەبێ جیهانی بیر بکەینەوە، ئەو شتانە عەیبن (بێ کلاسییە)، نەهامەتیەکە لەوەدایە ئەو کۆمەڵە کەسە پێیانوایە گوێگرتن لە موزیکی فارسی و عەرەبی و تورکی یاخود گۆرانیگوتن و بیرکردنەوە بەو سێ زمانە بە واتای ئینسانی بیرکردنەوە و بەجیهانیبوون دێت. ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت: کاتێک کە لە زیندان بووم، دوو چەپی کوردم لەگەڵ بوو کە پێکەوە بە تورکی قسەیان دەکرد، لێم پرسین ئێوە خۆ کوردن بۆچی بە کوردی پێکەوە قسە ناکەن؟ گوتیان ئاخر ئێمە ئینسانی بیر دەکەینەوە و ڕەگەزپەرست نین، نازانم بۆچی بە کوردی قسەکردن و بە کوردی بیرکردنەوە دەبێ دژی ئینسانییەت بێت.

باسی گەڕاندنەوەی سەروەری دەکەی بۆ موزیکی کوردی، وەکو ئەو ئاوازانەی کە لێمان دزراون، کاریگەریی داگیرکەر لەسەر ڕۆح و ڕەوانمان گەیشتووەتە ڕادەیەک کە زۆربەمان دەڵێین نا ئێمە دزیومانە، خۆ ئێمە هیچمان نییە، ماملێ و حەسەن زیرەک و عەلی مەردان و تاهیر تۆفیق هەموویان دز بوون؟

لە پارچەکانی تری کوردستان هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنەوە مێژووی باڵادەستمان بە زمانی داگیرکەر پێ دەڵێنەوە، مێژوویەک کە یەک دڵۆپیش باسی کوردی تێدا نییە، بگرە زۆر جار مێژووەکە هی ئێمەیە و بەنێوی خۆیانەوە کردووە و پێمان دەفرۆشنەوە، نە باسی میرنشین و شانشینە کوردییەکان، نە باسی شۆڕشەکان!!، نە باسی ئەو زەریا گەورەیەی هونەر و کولتوورمان، تەنانەت ئەگەر مەجبوور بن باسی حکومەتێک بکەن کە تێکیانشکاندووە یان بە قەولی خۆیان هەڕەشە بووە بۆ سەر وڵاتەکەیان، ئەگەر کوردیش بووبن ناڵێن کورد بوون، تەنانەت کە ناویشیان دێنن بە سووکایەتییەوە باسیان دەکەن، وەک چۆن لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا کە دێتە سەر باسی کۆماری کوردستان، بە هەراکەی مهاباد ناوی دێنن.

لە تەنیشت پاکتاوی ڕەگەزی کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بە درێژایی مێژوو و بە یارمەتیی بەکرێگیراوە بچووک و گەورەکان دەرهەق بە کورد کردوویانە، ئەوانە هەمووی سیاسەتگەلێکی پاکتاوی هزری نەتەوەیین کە سیاسەتوانان و ڕۆشنبیران یان باشترە بڵێم (بیرمەندان)ی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دایانڕشتوون، بیرمەندانێک کە دەگەنە ئێمە، باسی یەکسانیی مرۆڤ و ئازادی دەکەن و ئێمەش بەڵێ بەڵێیان بۆ دەکەین، بەڵام ماف و ئازادی لای ئەوان تەنیا بۆخۆیانە، بۆ ئێمە بقەیە، کە دەگاتە ئێمە ڕاسیسم و ڕەگەزپەرستییە، بەڵام لای ئەوان خۆشەویستییە بۆ نیشتمان، (وەتەنیەت) و (ئیرقی میللی) یە.

لە باشووری کوردستانیش، بایەخێکی زۆر کەم بە مێژووی شارستانیەت و ئەدەبی فۆلکلۆر لە کوردستان دراوە و وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا هەموو مێژووی کوردیان گەڕاندووەتەوە بۆ 100 ساڵی ڕابردوو، کەچی لە زانکۆکانی کوردستان تا ئێستاش مێژووی نیشتمانی عەرەبی سەرچاوەی خوێندنە و زۆر جار بووە خوێندکار لەسەر ئەوەی بەرەنگاری بە بەعسیکردنی کۆلێژەکەی بووەتەوە، دەرکراوە یان سزا دراوە کە تائێستاش بەردەوامە. هەر نەتەوەیەک ئاوڕدانەوە و بایەخدان بە مێژوو و ئەدەب و هونەری فۆلکلۆری لێ زەوت بکەی، هەستی بڕوابەخۆبوونی لەدەست دەدات و وا هەست دەکا قەت هیچی نەبووە و لەوانەیە گەنجێکی ئەو نەتەوەیە وا بیربکاتەوە کە تەنیا سەد ساڵە نەتەوەکەی لەدایک بووە.

ئەوە تەنیا دەوڵەتە کە سەروەری دەداتە خاک و خەڵکەکەی، زۆربەی ئەو فەرشە دەستکردانەی لە بازاڕەکانی جیهان بەناوی فەرشی ئێرانی دەفرۆشرێن، بە دەست و مەچەکی ئافرەتانی کورد لە ڕۆژهەڵات بەرهەم هاتوون، بەڵام بە فەرشی ئێرانی ناویان ڕۆیشتووە، قاوەی تورکی قاوەی کوردی بووە و پاش دروستبوونی کۆماری تورکیا لە لایەن ئاتاتورکەوە، بە ناوی قاوەی تورکیەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی ئەورووپا کرا.

لە 2004 ـەوە کە ئیتر حکومەتی کوردستان بە فەرمی گەشەی کرد و ناوبانگی جیهانی دەرکرد، چەندین هونەرمەندی بەناوبانگی جیهانی کە کوردن و پێشتر دانیان پێدا نەدەهێنا، هەر یەکە و بە جۆرێک دەیانویست بە حەوت پشتیش بووبێ خۆیان بگەڕێننەوە سەر کورد، ئەمە نموونەیەکی زۆر بچووکە لە کاریگەرییەکانی بوونی کیانی نەتەوەیی.

ئەو چەمکانەی بە ناوی جیهانیبوونەوە دەرخواردمان دەدەن، هەمووی هەڵقولاوی کولتوور و فۆلکلۆری وڵاتانی ڕۆژئاوان و، پاش تیۆریزەکردن، گشتاندن و بەجیهانی کراون. هەر لە جیهانی موزیکدا بۆ نموونە ئۆپێرا و پاساکالیا و مادریگال و چەندین فۆڕمی دیکە، کە ئێمەش بەیت و حەیران و لاوک و بالۆرەمان هەیە و ئەگەر لەڕووی ستایلەوە کاریان لەسەر بکرێت و خۆماڵییەکی جیهانی !! بکرێن، زۆر سەرکەوتوو دەبن. یان (جاز) ناوە ئەسڵییەکەی Chass ە کە کردارێکی پیسی سێکسیە لای ڕەشپێستەکان و پاشان تەنانەت لقی وەک جازی کلاسیکیشی لێکەوتەوە.

جیهانیبوون ئەگەر لەسەر بناغەی ڕێزگرتن لە هەموو کولتوورەکان و پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتە بچووکەکان بنیات نرابێت یاخود هەژموونی گرووپێک یان چەند گرووپ و دەوڵەتی بەسەرەوە نەبێت زۆر باشە، بەڵام وڵاتانێکی زلهێز و خاوەن پێگەی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی وەکو ڕووسیا و فەڕانسا و چین و ئەڵمانیا لەم ڕەوتی بەجیهانیبوونە سڵ دەکەنەوە، چ بگات بە ئێمەی کورد کە تا ئێستاش چوارچێوەیەکمان نییە و زمان و کولتووری خۆمان ڕێک نەخستووەتەوە و تا ئێستاش بە عەرەبی و فارسی و تورکی بیر دەکەینەوە و گەنجەکانمان بە مێژوو و ئەدەب و فۆلکلۆری خۆمان ئاشنا نەکردووە، چۆن نابێ لەم ڕەوتە بترسین.

پێویستە ڕۆشنبیران و بیرمەندانی کورد لە جیاتی ئەوەی لە سەرەوە جنێو بە دەسەڵات بدەن و لە بنەوە پارە لە بەرپرسان وەربگرن، مێژوو و سەروەرییەکانمان وەبیر خەڵک بێننەوە و کولتوور و زمان ڕێکبخەنەوە و وەبیر خەڵک بێننەوە کە وڵات تەنیا هی بەرپرسەکان نییە و هی هەموو خەڵکە، ئەو بەرپرسانەی تا دوێنێ ئەوانیش خەڵک بوون و پاش چوونە ناو بازنەی دەسەڵات و خەڵکیان لەبیر چووەوە، بازنەیەک کە زۆر بێکەسە و خەمخۆرێکی کەمی هەیە، ئەو بازنەیەی هەموومانین و هیچیشمان نین، ئەو بازنەیەی بیانووی چاکە بۆ ئەوەی تەنانەت ئەگەر لای وەزیرێکیش هەندێک گلەییت کرد، بڵێ چی بکەین حکومەتەکەمان ئاوایە !!، ئەو بازنەیەی بیانووی چاکە بۆ پەردە پۆشکردنی گەندەڵی، ئەو بازنەیەی وەبیرمان دێنێتەوە کە بڵێین دەسەڵات دەیخوا من بۆ نەیخۆم، بەڵام ئەو بازنەیە وەک چەمک، بازنەیەکی چۆڵ و هۆڵە کە دەبێ چەمکەکانی نیشتمانپەروەری و دادپەروەری و خەمخۆری و دەستپاکی، یارمەتی بدەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی.

لەم وتارەدا لە هەموو بوارەکانی هونەر و ئەدەب، لە مێژووی وڵاتانی جیهاندا چەند نموونەیەک دێنمەوە بۆ ئەوەی هێزی هونەرمان زیاتر بۆ دەرکەوێ لە دروستکردنی دەوڵەتدا.

## سینەما:

سینەما و تەلەڤزیۆن لەم سەردەمەدا بێگومان زۆرترین کاریگەری لەسەر خەڵک دادەنێن، زۆر جار فیلمێک یان درامایەک هەڵگری پەیامێکی نهێنییە کە بەردەنگ هەستی پێناکات، بەڵام نەستی وەریدەگرێت، زۆر جاریش پەیامەکان ڕاشکاون و پێویستیان بە ڕوونکردنەوە نییە، وەکو ئەو فیلمانەی پاش شەڕی جیهانیی دووەم لەسەر جینۆسایدی جوو دروستکران و بێگومان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ڕای گشتیی جیهان دروست کرد بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر دان بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا بنێن، یان هاوسۆزیی زیاتر بۆ جووەکان بەتایبەتی پاش کۆمەڵکوژیی نازیەکان بەدەستبهێنن، فیلمگەلێکی وەک (Black Book) ، (Schindler's list) ، (Gloomy Sunday) ، (The Boy in the Striped Pyjamas) ، (Pianist).

بەڵام بەر لە هۆلۆکۆستی جووەکان و شەڕی جیهانیی دووەم، کۆمەڵێک فیلم دروست کران کە ڕۆڵی گەورەیان بینی لە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و هەستی نەتەوەیی لای جووەکانی سەرتاسەری جیهان. دەرهێنەرە جووەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە ناوەوە و دەرەوەی (ئیسرائیل) و (فەلەستین)، دەیان فیلمیان بەرهەم هێناوە: فیلمگەلێکی وەک (ژیانی جووەکان لە زەمینی مەوعووددا - 1912)، (لەشکری جووەکان - 1923) کە (یاکۆف بێن دۆف- Ya'acov Ben-Dov ) دروستی کرد. مەبەست لە لەشکری جووەکان چەند گرووپێک لە جووەکانن کە لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا شانبەشانی هێزەکانی بەریتانیا لە دژی ئەڵمانیا شەڕیان کرد. یاکۆف لە فیلمەکەیدا وا پیشان دەدات کە زۆرینەی دانیشتووانی فەلەستین جوون و بەهێزترین لەشکریان هەیە، لە حاڵێکدا بەپێی بەڵگەنامەیەکی فەرمی کە ئیمپراتۆریی عوسمانی بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1914 سەرژمێریی فەلەستینی تێدا بڵاوکردەوە، ژمارەی دانیشتووانی فەلەستین 275 هەزار نەفەر بوون کە سەرباری ئەو شەپۆلە گەورەیەی گەڕانەوەی جووەکان لە پاش دروستبوونی بزووتنەوەی جیهانیی زایۆنیزم، دانیشتووانی جوو بە نیسبەت ئەو ژمارەیە، تەنیا 8% بوون.

# لەبارەی خوێندنەوە



■ سەلاح حەسەن پاڵەوان

زۆربەی کات مرۆڤ خەریکی خۆخوێندنەوەیە، ئەم تێکەڵبوونە لەگەل خودی خۆت هەنگاوە بەرەو دنیایەکی شاراوە. دنیای ناخ. کاتێ کە ئیتر شتەکان دەتورووژێنن تا سەرچاوەیەک بۆ تێربوون بدۆزیتەوە.. هەندێک دەڵێن خوێندنەوە پاڵپێوەنەری ناوەکییە بەرەو حەزی زانین، بەڵام لە ڕاستیدا خوێندنەوە گەڕانە بەدوای شتە ونبووەکانی ناخت. گەڕانە بەدوای ئەو سیزیفەی چیتر وازی لە بەردەکە هێناوە و لە پاڵ دیوارێکدا شانی داوەتەوە، خوێندنەوە هەڵدانەوەی پەڕەکانی کتێب نییە بەو ئەندازەیەی هەڵدانەوەی نهێنییەکانی ناخە. تێکشکانی ئەو کۆدانەیە لە ناختدا بە نهێنی ماونەتەوە ... بۆچی دەخوێنینەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، وەک ئەوە وایە بڵێین بۆ ئاو دەخۆینەوە و بۆ سێکس دەکەین و سەفەردەکەین و ئارەزوو دەکەین لەگەڵ گۆرانییەکدا سەما بکەین، بۆ بیری خۆشەویستەکەمان دەکەین یان تامەزرۆی شارەکەمانین. بۆچی دەخوێنینەوە، ئەوە پرسیاری پەیامبەرانە بۆبینینی‌خوا...خوێندنەوە ڕاهێنانێکی سەختە، وەرزشە، ڕێگەدانە بە ڕۆح تا لە ئۆقیانووسی تایبەتی خۆیدا مەلە بکات... خوێندنەوە پیاسەکردنی ڕۆحە لەگەڵ شتە نهێنییەکاندا.. زۆر لە بیرمەندەکان بە مەبەستی ئاشکراکردنی نهێنییەک ڕوویان کردووەتە خوێندنەوە، بەڵام هەر لەمیانەی ئەو پرۆسەیەدا ئاڵوودە بوون و نەیانزانیوە ئەو ئاڵوودەبوونە لە کوێوە سەری هەڵداوە. خوێندنەوە ئەو ئەکتەیە کە تێیدا لە ناخی خۆتەوە بۆ ناخی خۆت دەگەڕێیتەوە، سەری ئەو دەزووەیە کە لە هەزار پێچەکەی دیدالۆسەوە دەرتدەهێنێ و دەتخاتە سەر دەرگای ڕزگاربوون. خوێندنەوە کردارێکی مرۆییە، سەرەتا بە دەنگی دەرەوە دەستی پێکردووە و پاشان چووەتە ناخەوە، هەمووومان دەخوێنین، باڵندە و گیانلەبەران، ڕووەک و دەریا و زەوی و ئاسمانیش دەخوێنن، هەریەکەیان بۆ مەبەستێک و بە شێوەیەک لە شێوەکانی خوێندنەوە ناخی خۆیان دەردەبڕن، گەر مێژوویەک هەبێ بۆ خوێندنەوە، ئەوە دەبێ بڵێین لەو کاتەوەی حەز و پێویستی سەری هەڵداوە ئەمیش سەری هەڵداوە. خوێندنەوە تەنیا پەیوەندیی نێوان چاو و وپەڕاو نییە، ئەو ساتانەی بیر لە خوێندنەوە دەکەینەوە پێویستمان بە بەرامبەرە، ئەو بەرامبەرە هەرچییەک بێت گرنگ نییە، دەکرێ مرۆڤ بێت، یان سروشت، یان گیانلەبەران، یان بێگیانەکان، دەکرێ دیاردە خەیاڵی و میتافیزیکییەکانیش بن، دەکرێ خوێندنەوە بازنەیەکی داخراو بێت لە یەکەیەکەوە دەست پێ بکات و بگەڕێتەوە بۆ هەمان یەکە.

ئەگەر مێژوویەک بۆ ئەم کردارە دابنێین، دەتوانین بڵێین لەوەتەی کردەی سروشت هەیە خوێندنەوەش هەرهەبووە. خوێندنەوە هەمیشە دەستەمۆمانی کردووە، ئایا دەبێ ئێمە ببینە کۆیلەی خوێندنەوە یان دەبێ تێکستەکان بکەینە کۆیلەی خۆمان؟ ئایا مامەڵەیان لەگەڵ بکەین بەو شێوەیەی کە ژیان و بیرکردنەوەمان دەیەوێ؟ من پێموایە بوون بە کۆیلەی تێکست واتە لەدەستدانی ئازادیی خوێندنەوە، هەریەک لە ئێمە لە ساتێ لە ساتەکانی ژیانماندا کۆیلەی تێکستێک بووین، جا لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژی، ئاینی، ئیتیک، دەستەمۆبوون، یان لەژێر کاریگەرییە ئەنتۆلۆژیەکاندا بووبێت. ئەم هەڕەشەیە کەس لێی بێبەری نەبووە، کەس نەیتوانیوە خوێنەرێکی ئازاد بێت، نیشانە وەک کۆت چووەتە مێشکمان و گەمەی بە ئازادییەکانمان کردووە، کەسانێکی زۆر بوونەتە قوربانیی تێ□کست. تێکست ڕێگە نادات ئەو بکەیتە کۆیلەی خۆت، تەنیا ئەو کاتانە نەبێت کە تێگەیشتی لەوەی تۆ خاوەنی خۆتی.. بەڵام گرفت لەوەدایە ئەوانەی دەخوێننەوە نازانن شتێک هەیە پێی دەگوترێ بەکۆیلەبوونی دەستی خوێندنەوە، هەربۆیە ئەوەندە دەچنە ژێر کاریگەرییەوە ئیتر خوێندنەوەی تاکرەهەندی هەڵدەبژێرن و بەردەوام دەبن تا لە شۆکێکی گەورەدا بەئاگا دێنەوە، خوێنەر دەبێ لەو بازنە بێتە دەرەوە بۆ ئەوەی بتوانێ لە خوێندنەوە بگات. ئەم کردارە بۆ ئەوە نییە تۆ لە قەفەسی تێکستێکدا هەموو ژیانت دەستەمۆ بکەیت، بەڵکو بۆ ئەوەیە ببیتە کەسێکی فرەڕەهەند، کەسێکی ئازاد، کەسێکی وردکەرەوە.. بۆیە خوێندنەوە لە سنووری دیاریکراودا تۆ بانگ ناکات، بگرە لە دەرەوەی سنووری خۆیەوە بانگت دەکات. فرەڕەهەندی لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، خوێنەری مێشک ئازاد بەرهەمدێنێ. ئایا ئەوەی وا دەکات خوێنەر ببێتە کۆیلەی تێکست تەنیا خودی تێکست و مێشک و بیرکردنەوەی خوێنەرە؟ دەتوانین بڵێین کۆمەڵێ فاکتەری تر هەن کە وادەکەن خوێنەر بێ ئەوەی هەست بکات، بکەوێتە نێو دەریای تەڵەزگەکانی تێکستەوە، سەرەتا ئەو لە ژێر کاریگەریی دەروونی و ڕاگەیاندن و وروووژاندن و دەستەمۆبووندا بڕیار دەدات ڕوو بکاتە تێکستەکان. بۆیە لە دنیادا شتێک نییە پێی بگوترێ تێکستی یونیڤێرسەڵ، تێکست هەمیشە و لە هەموو سەردەم و قۆناغ و کۆمەڵگا و لە نێو کەشوهەوای سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ئابووری و تەکنەلۆژیای تایبەتدا لەدایک دەبێت، ئەو سیستەمەشی بڕیار لە دەستەمۆبوونی ئەو دەدات فاکتەرەکانی دەوروبەرین.

### "خوێندنەوە ڕەهابوونی مێشک نییە"

مێشک ناتوانێ ئازاد بێت کاتێ دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی سەرەوە، بۆ ئەوەی مێشکێکی ئازاد دروست بێت، دەبێ لە دەرەوەی ئەو دەزگایانەوە خوێندنەوە بێتە بەرهەم، واتە خوێندنەوە لە فەزایەکی ڕەها و سەربەست لە هەموو کاریگەرییەکان دروست بێت، ئەمەش تەنیا بڕیاردان و پرسێکی ئیندیڤیدوێڵە. زۆربەی زۆری سەقامگیرییەکانی خوێنەر بۆ ئازادی دەگەڕێتەوە، واتە تا چ ڕادەیەک ئازادە لەگەڵ دەوروبەرەکەی، تا چ ڕادەیەک مەودای بیرکردنەوەی خۆی دەستنیشان کردووە، تا چ ڕادەیەک بەدەست سنووردارییەوە ناناڵێت، ئەمانە هەموو ئەو فاکتەرانەن وا دەکەن خوێنەر لە کۆیلایەتی تێکست ڕزگاری ببێت. خوێنەر دەبێ بزانێ ئامانجی چییە کاتێ لە نێو تێکستەکاندا بڕیاری خوێندنەوەی خۆی دەدات، لە کۆمەڵگای ئێمەدا شتێک هەیە پێی دەگوترێ ڕۆشنبیربوون، واتە ئەگەر خوێنەری کتێب بیت ئەوە ڕۆشنبیری، ئەگەر لە یەک مەوداوە تەماشای بکرێت ئەم تیئۆرە ڕاستە. ڕاستییەک هەیە دەبێ بیزانین، ئەویش ئەوەیە کە بوونەوەرەکان زۆربەیان خوێنەرن، شتەکانی خۆیان و پەیوەندییەکانیان دەخوێننەوە، ئەوانەشی ناتوانن سیمبولەکان بخوێننەوە، ئەوە سیمبولەکانی سروشت، سیمبولەکانی خەیاڵ، کۆسمۆس و ژیان دەخوێننەوە. بۆیە لەم سەردەمەدا ئەو بۆچوونە چیتر کاری پێناکرێت، لە ژیانی ڕۆژانەدا شتێک هەیە پێی دەگوترێ خوێندنەوەی ژیان، خوێندنەوەی دەموچاو ، خوێندنەوەی هەموو دیاردەکانی سروشت. کەواتە ئێمە بۆ ئەوە ناخوێنینەوە ڕۆشنبیر بین، بۆ پێویستی دەخوێنینەوە، ئەمڕۆ خوێندنەوە پێویستییە هەروەک چۆن هەزاران ساڵ پێش ئێستەش هەر پێویستی بووە.

# پێنج کورتە چیرۆکی کافکا

وەرگێڕانی لەفارسییەوە: هونەر شاهۆ



## گەڕانەوە بۆ ماڵەوە:

من گەڕاومەتەوە، بە ژێر تاقی ژوورەکەدا تێپەڕیم و خەریکە سەیری دەوروبەرم دەکەم. ئەمە ژیانی کۆنی باوکمە. بەهۆی هاتنە خوارەوەی ئاوەوە چاڵێک لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دروست بووە. کەلوپەلە بێکەڵکەکان لەسەر قادرمەکە کەوتوون و ڕێی ژوورەکەی خوارەوەیان گرتووە. پشیلەیەک لەسەر محاجەرەکان لە کەمیندا خۆی مەڵاس داوە.
چەند جلوبەرگێکی شڕ کە سەردەمێک بە دەوری دەرگا دارینەکەدا پێچرابوون، بەهۆی شنەباوە دەجوڵێنەوە. من گەیشتووم. کێ میوانداریم دەکات؟ کێ لە پشت دەرگەی چێشتخانەکەوە چاوەڕێیە؟ دووکەڵ لە دووکەڵ کێشەکەوە بەرزدەبێتەوە و قاوەیەک بۆ خواردنەوە ئامادە دەکرێت. ئایا هەست بە پەیوەندی و وابەستەیی دەکەیت؟ ئایا هەست دەکەیت کە لە ماڵەوەیت؟ نازانم، زۆر دڵنیا نیم. خانووەکە کە خانووی باوکمە، بەڵام هەموو شتێک بە ساردی لە تەنیشت شتێکی دیکەوە دانراوە، وا دەردەکەوێت باوکم نیگەرانی کارەکانی خۆیەتی کە من نیوەیانم لەبیر کردووە و نیوەشیانم هەرگیز نەناسیوە. من چ کەڵکێکم هەیە بۆیان و چ واتایەکم هەیە بۆیان، ئەگەرچی کوڕی باوکمم، جووتیارێکی پیر؟ حەزناکەم لە دەرگای چێشتخانەکە بدەم، تەنیا لە دوورەوە گوێ دەگرم، رادەوەستم، جۆرێک وەک کەسێک کە گوێی گرتووە تاوەکو غافڵگیری نەکەن. لەبەرئەوەی کە لە دوورەوە گوێ دەگرم، هیچ نابیستم جگە لە دەنگی لێدانی سووکی کاتژمێرەکە کە بەسەر ڕۆژگاری منداڵیمدا تێدەپەڕێت، بەڵام لەوانەیە پێم وابێت تەنیا دەیبیستم. هەر شتێکی دی کە لە چێشتخانەکەدا ڕوودەدات نهێنیی کەسانێکە کە لەوێ دانیشتوون، نهێنییەک کە لەمنی دەشارنەوە. هەرچەندە زیاتر لەبەردەم دەرگەکەدا بمێنیتەوە، زیاتر بێگانە دەبیت. چی دەبوو ئەگەر کەسێک ئێستا دەرگاکەی بکردبایەوە و پرسیارێکی لەمن بکردبایە؟ ئایا منیش هەروەکو ئەو کەسە ڕەفتار ناکەم کە دەیەوێت نهێنییەکەی خۆی بشارێتەوە؟

## ئەفسانەیەکی بچووک:

مشکەکە گوتی: بەداخەوە کە جیهان هەر ڕۆژ بچووکتر دەبێتەوە! لەسەرەتاوە بە جۆرێک گەورە بوو کە بەردەوام دەترسام، هەر رامدەکرد و رامدەکرد، خۆشحاڵ دەبووم کە سەرەنجام لە شوێنێکی دوورە دەستەوە چەند دیوارێکم دەبینی لەلای ڕاست و چەپمەوە، بەڵام ئەم دیوارە درێژانە ئەوەندە زوو تەنگ بوونەوە کە من ئیدی لە کۆتا ژووردام، لەوێ لە سووچێکدا تەڵەیەک هەیە کە دەبێت بکەومە ناوی و پێوەبم. پشیلەکە گوتی: تەنها دەبێت ڕێگەکەت بگۆڕیت و ئەوە قووت بدەیت.

## ئێواران:

ونبووە لە شەودا، ڕێک هەر بەو جۆرەی کە کەسێک هەندێک جار بۆ وەستان سەری خوار دەکاتەوە، بەم بۆنەیەوە بە تەواوەتی ون بوون لە شەودا. لە هەموو شوێنێکدا خەڵک خەوتوون. ئەمە تەنیا یاریکردنێکە و هیچی دی، خۆفریودانێکی پاک و ڕاستە کە ئەوان لە ماڵەکاندا دەخەون، لەناو تەختە خەوە هێمنەکاندا، لەژێر بنمیچێکی هێمن و ئەمندا، درێژ ڕاکشاوە یان خۆی گرمۆڵە کردووە بە دۆشەکەکەوە، لەناو چەرچەفەکاندا، لە ژێر بەتانییەکاندا، بەڕاستی ئەمانە کۆبوونەتەوە هاوشێوەی رابردوو، هاوشێوەی دوورییەک لە بیاباندا، ئاپۆڕەیەک لەچۆڵەوانییەکدا، ژمارەیەکی بێ شومار لە مرۆڤەکان، لەشکرێک، قەومێک، لە ژێر ئاسمانێکی ساردا، لەسەر ڕووی زەوییەکی سارد، کەوتوون لە شوێنێک کە زەمەنێک تیایدا ڕاوەستابوون، ڕوومەت و قۆڵەکانیان گوشراو، نێوچاوانیان ڕوو لەزەوی، هەناسەکێشان بە شێوەیەکی ئارام، تۆ بەردەوامیت، تۆ یەکێکی لە بەردەوامبووەکان، بەهۆی ڕووناکیی مەشخەڵێکەوە کە لە ئاگردانەکەی تەنیشتتەوە هەڵتگرتووە، دواهەمین کەس دەدۆزیتەوە. بۆچی بەردەوامی؟ دەڵێن کە دەبێت بەردەوام بیت. دەبێت کەسێک لەوێ بێت.

## نیگایەکی شپرزە لە پەنجەرەوە:

چی لەو ڕۆژانەی بەهار بکەین کە خەریکن دەگەن؟ ئەمڕۆ بەیانی ئاسمان خۆڵەمێشی بوو، بەڵام ئەگەر بڕۆیتە بەردەم پەنجەرەکە، دەپەشۆکێیت و گۆناکانتان دەنێن بە ئەڵقەڕیزی پەنجەرەکەوە. خۆر ئێستاش هەر ئاوا دەبێت، بەڵام لەو خوارەوە دەیبینیت دەموچاوی کچێک ڕووناک دەکاتەوە کە هەنگاو دەنێت و سەیری دەوروبەرەکەی دەکات، هەر لەو کاتەدا دەیبینی لە سێبەرەکەدا پیاوێک کە لەپشتی سەریەوە بەو دەگات، تێڕۆ دەبێت. دواتر پیاوەکە ڕۆیشتووە و دەموچاو و ڕوومەتی کچەکە بە تەواوەتی ڕووناکە.

## ڕێبوارەکان :

ئەو کاتانەی بەشەو کە لە شەقامەکاندا تێدەپەڕیت و کەسێک لە دوورەوە دەبینرێت _ بەهۆی ئەوەوە کە شەقامەکە لە بەردەمتدا بەرەو خوار دەبێتەوە و مانگەشەوە _ پێت وایە ئەو کەسە بە ڕاکردن بەرەو لای تۆ دێت، ئەگەرچی لاواز و کۆنەپۆش بێت، ئەگەرچی کەسێک بە هاوارکردنەوە بە شوێنیەوە بێت، تۆ بە چنگ نایگریت، بەڵکو دەهێڵیت بەردەوام بێت لە ڕۆیشتنەکەی. لەبەرئەوەی کە شەوە، ئێوە بە دەست خۆتان نییە کە شەقامەکە بەو مانگەشەوە لەبەردەمتاندا بەرەو خوار دەبێتەوە، سەرەڕای ئەمەش، لەوانەیە ئەم دوو کەسە ئەم شوێنکەوتنەی یەکدییان بۆ سەرگەرمی خۆیان وەڕێخستبێ، یان لەوانەیە ئەم دوو کەسە بە شوێن کەسی سێیەمەوە بن، یان لەوانەیە بێ هۆ کەوتبنە شوێن کەسی یەکەم و کەسی دووەم بیەوێت بیکوژێت و ئێوەش ببنە هاودەستی تاوانەکە، لەوانەیە ئەمانە هیچ ئاگایان لە یەکدی نەبێت و لەبارەی یەکدییەوە هیچ نەزانن و تەنیا خەریکن جیاجیا دەڕۆنەوە بۆ ماڵەکانیان و تەختی نووستنەکانیان. لەوانەشە شەوگەڕ بن، لەوانەیە کەسی یەکەم چەکدار بێت .بە هەرحاڵ ئایا نابێت ماندوو ببیت؟ ئایا تێروپڕ شەرابت نەخواردووەتەوە؟ خۆشحاڵیت چونکە ئیدی کەسی دووەم نابینیتەوە .

